کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 1:29 28-4-2007

# خاتوو دوعا بووە قوربانی جەهالەتی پیاوان ... ڕزگار گوڵەباخ

سەرنج: خاتوو دوعا بووە قوربانی جەهالەتی پیاوان، بوە قوربانی لە کۆمەڵگایەکدا، کە ڕیش سپی و پیا ماقوڵ دادوەر و یاسا دانەرن، بوە قوربانی فەتوایەکی دینی. ئەم هۆنراوەیە، بەر جەستەی ساتەکانی پێش شەهید بوونی خاتوو دوعا و ساتەکانی گیان دەرچوونی بە درندانەترین شێوە دەکات. وێنە شیعرییەکە کە لە زمانی خاتوو دوعاوە نووسراوە، باس لە چۆنیەتی ئەوین کردن و ساتەکانی ڕۆح دەرچوونی دەکات، باس لە ڕۆحیانەتی ئەو دەکات، کە چۆن ئێستا لە هەموو ژووانێکدایە، باس لە دوا تکای خاتوو دوعا دەکات. من کە هۆنراوەکەم لە شیوەی وێنە شیعریدا نووسیوە، هێشتا فلیمە سامناکەکەی شەهید بوونی خاتوو دوعام نەبینیوە، بەڵام هەست دەکەم، کە ئەو خانمە، بە چ زەحمەتییەک گیانی پاکی کردۆتە قوربانی ئەشق. من تەنها چەند وێنەیەکی فۆتۆ گرافیم بینی، کە چۆن ئەو خانمە لە سەر زەوی لە بەردەستی شەمشەکوێرەکانی جەهالەتدا، کەوتووە و چاوەڕوانی دوا بەرد دەکات، تا ڕۆحی پاکی بۆ هەتا هەتایی، بەرەو ئەستێرە، دوور لە دەسستی پیاوانی دڵ ڕەق بەرێت. وێنە شیعرییە کە، کەمێک دوورو درێژە، بەڵام چەندە لەسەر ئەو کارەساتە نامرۆییە بنووسرێت، هێشتا بە ئازاری تەنها یەک بەردی دەستی ئەو جاهیلانە نابێت، کە بەر جەستەی خاتوو دوعا کەوتووە. هیوادارم چۆن 11 ی سێپتەمبەر مرۆڤایەتی ڕاچڵەکاند، ئاواش گیان لەدەست دانی خاتوو دوعا لە پێناوی ئەشقدا، مرۆڤی کورد ڕاچڵەکێنێت و ببێتە سەرەتایەک بۆ ڕێگرتن لە دژی توندو تیژی بەرامبەری ڕەگەزی مێ، ببێتە سەرەتایەک بۆ بە ئاشکرا باسکردنی ئەشق، ببێتە سەرەتایەک، بۆ باوکان و دایکان، تاوەکو ڕێز لە هەستی کچەکانیان بگرن.

## ئەشقە چیرۆکی دوعا

یەکەم جار بوو
لەبن دارێکدا وەستابووم
تەماشای ئاسمانم دەکرد
یەکەم جار بوو
لە یەزدانی گە ورە و مەزن
دوعا و پاڕانەوەم دەکرد
هێندەم زانی
کوڕێکی لاو، بەرامبەرم نیگای دەکرد
بێ ویستی من، بێ ویستی ئەو
نیگاکانمان دەستیان لە ملی یەکتری کرد
ئەوە بووە سەرتایەک، کە منی فێری ئەوین کرد
بۆ یەکەم جار
هەر ئەو کوڕە موسڵمانە
(خۆشم دەوێیت) ی بە دووگوێم ئاشنا کرد
لە پاش ئەشقێکی چەند مانگی
سڵی لەوە دەکردەوە
کە دینمان جیاوازی هەیە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 28-4-2007 1:29

باسی ئەوەی بۆ من دەکرد
ئەشق و ئەوین قەدەری کۆتایی هەیە
منیش پێم ووت:
ئەشق حەقی دینی چییە؟
ئەشق و ئەوین
پاکترین هەستی مرۆڤە
یاخی بوونە، بێ سنوورە
حەقی بە سەر قەدەر چییە!
ئەو بن دارە
بووە یەکەمین دیدار و
ژووانی هەمیشەییمان
بووە شایەتی پاکێتی و
ئەشقی ڕاست و بێ گەردمان
سەرەتای وەرزی بەهار بوو
لە جێ ژووان یەکمان بینی
دیاریەکی بۆم هێنابوو
مەدالیایەکی زیوینی
(ئای لۆڤ یو) ی لەسەر نووسرابوو
لەماڵەوە هێند دڵخۆش بووم
بە هێمنی سەمام دەکرد
خۆم لە باوەشی ئەستێرەدا دەبینی و
خۆم بە خەج و خۆم بە شیرین وەسف دەکرد
بەدەم خەیاڵی ئەشقەوە
خەوم لێکەوت،
دنیا لای من گشت گۆڕاوە
لەخەونمدا و
بە دزی تریفەی مانگ و
پەپوولەی دەوری چراوە
بە دزی سروە و شنەی باوە
بەرەو جێ ژووان ڕۆیشتم
وەکو پیشەی هەموو جارێ
لە بن دارێکدا دانیشتم
کە خۆشەویتەکەشم هات
بۆنی ئەشق و
بۆنی ئەوینی لێ دەهات
تاکو دەگەیشتە لای من
لە ترساندا و لە خۆشیدا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەوەندەی تر
دڵم خێرا خورپەی دەهات
ئەو کاتەشی گەیشتەلام
توند باوەشی پێدا کردم
نووقمی سۆز و
نووقمی خۆشەویستی کردم
کە ماچی یەکترمان دەکرد
جار نا جارێ
لە نێوانی گەڵاکانی ئەو دارەوە
تریفەی مانگ دزەی دەکرد
ئەو کاتانە
نیوەی دەم و چاویم دەدی
ئەگەر چی لەگەڵمدا بوو
ئەوەندەی تر بیرم دەکرد
بەڵێنی دا:
مردن نەبێت، هێزێک نییە
کارێک بکات بۆ یەک نەبین
بەڵێنی دا:
گەر مردیشین
لە باوەشی ئەستێرەدا
بە ڕۆح لەگەڵ یەکتر دەبین
ئەو کاتانە و
بۆ یەکەم جار، دەست و پەنجەی
شانەی زولف ی ئەگریجەم بوو
دەست و پەنجەی
میوانی سنگ
میوانی شان وملو و کەمەرم بوو
باسی ئەوەی بۆ دەکردم
کە بەوێنەی شێخی سەنعان
لە دینی خۆی
بۆ ئەوینم وەردەگەڕێ!
لەوکاتەدا
لە دەنگی مەلاکەی مزگەوت
لەخەونم بەخەبەرهاتم
جریوە جریوی چۆلەکە و
قووقەی کەڵەشێر هاتنە گوێم
گوێشم لێ بوو، سەگ دەوەڕێ!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لە خەیاڵی ئەشق و ئەوینی خۆمدا بووم
لە خەیاڵی دەست لەملانێ و
ئەوین کردنی خۆمدا بووم
بیرم لەوە دەکردەوە
کیژۆلەیەکی جوانم بێ
بیرم لەوە دەکردەوە
کە ناوەکەشی (ئەوین) بێ
هێندەم زانی
لە دەرگای ژوورەکم درا
دەنگە دەنگ، غەڵبە غەڵب کرا
گڵۆپی ماڵ گشی پێکرا
هاتنە سەرم
لە ناو پێخەفی گەرممدا
لەشم نووقمی پێ لەقە و تێ هەڵدان کرا
دەست وپەنجەی درندانە
لە پرچم و لە بێخی سەرم توند کرا
تا دەرگای ژوور ڕایان کێشام
تا هیلاک بوون
هەر هەمویان تێیان هەڵدام
هات و هاوار و نە ڕە نەڕ
تف لێکردن، جنێوی سووک
قەحبەی بێ فەڕ
بە ناو چەوان، بە هەردوو گوێی مندا دران
هەموو تاوانم ئەوەبوو
خۆشم ویست کوڕی موسڵمان
لە ژوورێکی چۆڵ و هۆڵدا
تاک و تەنها جێیان هێشتم
هێندە قژیان ڕاکێشابووم
لەهۆش خۆم چووم
ئازاری مەرگیان پێ چێشتم
کاتێک کە هۆش خۆم هاتمەوە
شەو ماڵئاوایی کردبوو
دنیا خۆی ڕۆژی ڕووناک بوو
گوێم لە دەنگ و لە هاوار و
قیژی قیژی خەڵکی گەڕەک و کۆڵان بوو
هێندەم زانی، بە چوار دەستە
قژ ڕاکێشان و تێهەڵدان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ڕایان کێشام بۆ ناو کۆڵان
هەرچی پیاوی ئەو ناوە بوو
ئەوەی شەرف و ئابڕوو چوون
وێردی سەری زمانی بوو
ئەوەی غەرقی
دینی باو و باپیران بوو
هەر چی بەرد و
بلۆکی ئەو ناوە هە بوو
لەبەر دەمیان،
لە تەنیشتیان، لە دەستیان بوو
ئەو ساکە من تێگەیشتم
لە سەر ئەشق و لە سەر ئەوین
هەموو بەرد بارانم دەکەن
دەیانەوێ
بە قێزەونترین شێواز
ڕۆحی پاک و ڕۆحی پڕ ئەشق و ئەوینم
ڕۆحی بێ گەردم دەربکەن
هاوارم کرد:
ئەی پیاوانی جەهل و نەفام
بەرد بارانی جەستەم مەکەن
چۆنتان دەوی
وا دەتوانن ڕۆحم دەرکەن
هاوارم کرد:
بەرد بۆ شەیتان ڕەجم کردن
گوڵ بۆ ئەشق و ئەوین کردن
هاوارم کرد:
من شەیتانی دژی خواوەندی ئیسلام نیم
بۆ وا بەرد بارانم دەکەن
لە ئەشقی خۆم،
لە بۆ کوڕێکی موسڵمان پەشیمان نیم
بۆ ڕۆحی پاکم دەردەکەن
هاوارم کرد:
ئەشق هەستێکی زۆر پاکە
هەقی هیچ دینێکی نییە!
ئەشق ڕاستییەکی پاکە
بۆیە هیچ سنووری نییە!
دەیان و بگرە سەدان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پیاوی سمێڵ قیتی بەرد لە دەست
هاواریان کرد:
تۆ یاخی بوویت
تۆ سەرپێچیت، لە دینی ئێمە کردووە
تۆ دڵی خواکەی ئیسلام و
خوای ئێمەشت ڕەنجاندووە
تۆ بۆ ئەشقێکی توڕەهات
لەفەرهەنگی ئێمە نییە
سەرپێچیت دەست پێکردووە!
زۆر لەوانەی
کە منیان بەرد باران دەکرد
زۆر لەوانەی
خوێنی پاک و گەشی منیان حەڵاڵ دەکرد
زۆر لەوانەی
لەئاپۆری ڕۆح دەرچوونم
باسیان لە ئابروو شەرەفی کچان دەکرد
زۆر لەوانەی
بۆ خێرا دەرچوونی ڕۆحم
پەلە قاژێی دەست کەوتنی بەردیان دەکرد
زۆر لەوانە، زۆر لەوانە
خۆیان بە دزی یەکتری
لەم لا و لەو لا
لە گشت سووچ و کۆڵانێکی شارەکەمدا
دەیان کیژۆڵەی وەک منیان
بۆ لەزەت و زەوقی خۆیان، ئەتک دەکرد
لەگەڵ ئافرەتی سۆزانی
بە فەخرەوە خۆیان تێری سێکس دەکرد
کە چی ئەورۆ
بۆ ڕۆح کێشانی ڕۆحی من
هەموو باسی شەرەف دەکەن
باسی ئابڕوو، وا باس لە پیاوەتی دەکەن
فەتوای کووشتن، بەرد بارانی من دەردەکەن
بە دەم شەق و بەدەم تێهەڵدانی پیاوان
سمێل بابڕ و قین لە دڵ، دڵ پڕ تاوان
کەوتمە سەر زەوی بەردەمیان
ئە و کاتانە دەستی ڕاستم
هێندە گوڕ و تینی تیابوو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

تاکو بووە کۆڵەکەی لەش
ئەنیشکم لەسەر زەوی بوو
تا ئەو کاتە ڕووم لە ئاسۆ
دڵیشم هەر لە لێداندابوو
کە یەکەم بەرد
یەکەمین دڵۆپە خوێنی
سەرسنگمی، کردە دیاری بۆ سەر ڕووی خاک
ویستم چنگ لە زەوی گیر کەم
هەرچی گڵ و خۆڵی خاکە
بە چاوان و بە ڕووی ڕەشی
پیاوانی دڵ بەبەردبووی دەم
ئەو کات زانیم
زەویش وەک پیاو دڵی ڕەقە
ئەو کات زانیم، لە لای پیاوان
کچان کووشتن، لە سەر ئەشق و
لەسەر ئەوین، ڕەوا و حەقە
ئەو کاتانە دەبوو خواوەند
فەرمانی بە زەوی بایە
تاکو منی هەڵ لووشییایە
تاکو پیاوانی بەرد لە دەست
زەوییەکی ڕەق و تەق نەبێ
هیچیان لەبەر دەست نەبوایە
تاکو ڕقی بۆگەنی پیاوەتی خۆیان
تێدا خاڵی بکردایە
کە دووەم بەرد
بە نێو چەوانمدا درا
هەردوو چاوم پڕ لە خوێن بوون
کە دەم ڕوانییە ڕووی زەوی ڕە ق و ووشک
لای من هەمووی پەڕەی گووڵاڵە سوورە بوون
کە سێیەم بەرد
بەر شلکەی ڕانی ڕاستم کەوت
خوێن فیچقەی کرد
بەر بەرد و بلۆکی دەستی
نزیکترین پیاوی دڵ ڕەقەوە لێم، کەوت
ئەو دڵ ڕەقە
هەر بۆ ئەوەی دەستی گڵاوی پیس نەبێ
بە خێرایی بەردی خوێناوی تێگرتم

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کە دای بە تەپڵی سەرمدا
ئیتر خۆم پێ ڕانەگیرا و
لە سەر زەوی تەخت کەوتم
ئەوەندەیان بەرد تێگرتم
جێگەیەکی لەشم نەما، خوێن نەڕێژێ
خاکی ژێرم هەموو سوور بوو
ئومێد دەکەم لە و جێیەدا، نەمامێکی لێ بنێژرێ
کە چوارەم و کە دەهەم و
سەدەم و هەزارەمین بەرد
لەشیان خەڵتانی خوێن کردم
بۆ دوامین جار
هاوارم کرد، خۆشم دەوێ
تاکو ئاشقم گوێی لێم بێ
تا پێی بڵێم
لە سەر ئەشق و ئەوینی ئەوە وام لێ دێ
لە و ساتانەی کە دوا چرکەی ژیانم بوو
خۆشەویستەکەی خۆم نەبێ
ڕقم لە هەموو پیاوێک بوو
سەدای دوا ووشەی ئەشقی ئەو
(خۆشم دەوێیت) ی ئەو نەبێت
هیچی ترم لە بیر نەبوو
پێش ئەوەی
کە دڵی بچکۆلە و پڕ ئەشقم
لە وڵاتی جەنگەڵستان بۆ دوا جاری خۆی لێبدا
هاوارم کرد:
هۆ ئاشقەکەم، خۆشەویستم
خێرا بڕۆ خۆت حەشار دە
تاکو دڵت، تا هەتایە
بۆ ئەوینی من لێبدا
لە وڵاتی جەنگەڵستان بۆ یەک نەبووین
تا هیچ نەبێت، لە باوەشی ئەستێرەدا
ڕۆحی پاکمان بە یەگ بگا
تا لەوێدا و
دوور لە دەست و
دوور چاوی پیاوی دڵ ڕەق
ئەوین بکەین
تا نەرمە ماچ بەدیاری

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 28-4-2007 1:29

سەرجەم شەهیدی
ڕگای ئەشق و ئەوین بکەین
تا نەوەیەک درووست بکەین
توند و تیژی بەرامبەری کچ نەناسن
تا چیدی ناحەقی نەبێ
تاکو کچان وا تێنەگەن، بێ کەسن و زۆر کەساسن
هۆ کیژانی وولاتەکەم
لە هەر کوێ هەیت
گوێم لێ دەگریت، لێم تێدەگەیت
ئێستا ڕۆحم
لە جێ ژوان لە گەڵتایە
تارای سپی بووکێنیشت
پاکی لە پاکی مندایە
قەت سڵ مەکەن
لە ئەوین و خۆشەویستی
هاوار بکەن
نا بۆ دیلی و ژینی پەستی
هۆ پیاوەکان:
ئەوانەتان، کە ڕێزی ئافرەتتان لایە و
بە ویژدانن
هۆ خوشکانم
ئەوانەتان، پیاوی مەردتان لە گەڵدایە و
ئەویندارن
تاوەکو هەتا هەتایە
یادی بەرد بارانی منتان
لە بیر نەچێت
تا ئاسوودە ویژدانتان
لەو ڕۆژەدا هاوار بکەن پڕ بە دنیا
بژی ئەوین
بژی ئەشق
نا بۆ ژینی جەنگەڵستان
ڕۆژ ژمێری ساڵێکی تر
تەنها ڕۆژی 7 ی نیسان
ڕۆژی بەرد بارانی ئەشق
لە کوردستان
بکەنە ڕۆژی ئەوین و
ڕۆژی ڤالانتینی کوردان .... بەرلین 25 .04 .2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.